# ئایا کەرکوك تەنها شاری کورد و تورکمانە؟؟؟؟.

عەلی مەحمود محەمەد

بەڕێز ستار  تاهیر شەریف ووتارێکی لە 8 بەشدا لە ڕۆژنامەی ئاسۆ بڵاو کردەوە لە ژێر  ناوی کەرکوك شاری برایەتی کورد و تورکمانە , هەر ناو نیشانی بابەتەکە سەرنج ڕاکێشەو قسە  و باسی زۆر هەڵگرێت , خوێنەرانی کورد لەوپەڕی دەمار گرژی نەتەوەییانەوە بۆ ئەو پەڕی ئەنتەرناسیۆنالیستییان  بە بێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی بخوێنێننەوە هەڵوێست لە بەرامبەری وەرە گرن , توندڕەوەکان دژ بە هەر برایەتی پەیدا کردنێك بۆ خاوەنداری شارەکە , ئەنتەرناسیۆنالیستەکانیش دژ بە بێبەریکردنی نەتەوەکانی کە لەو برایەتییە.

کەرکوك ئەو شارەو ناوچەکەی ئەو جوغرافیایەیە لە مێژووی کوردستاندا هیچ  پنت و شارێك بە ئەندازەی ئەو  ناوو دروشمی بۆ دانەتاشراوە لە دڵ و قیبلەو قودسەوە بۆ برۆکسل و ناوی دیکەش بە ڕێوەیە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە دۆزی کەرکوك تا ئێستا دۆزێکی زیندووە  لە ئاستی جیهان و ناوچەکە و لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا بگرە کەرکووك بۆتە سەنتەری تێکۆشانی بزاڤی نیشتمانی کوردستان , ئیجماعی کوردی هەیە بۆ تێکۆشان لە پێناو بە کوردستان کردنی , ململانێی ئەمڕۆکەش لە سەر ناسنامەکەی لە لایەن نەتەوە جۆراوجۆرکانی دانیشتوانییەوە  کێشەی کەرکوکی بە زیندویی هێشتۆتەوە و لە داهاتووشدا زیاتر تینی پێ دەبەخشێت , بۆیە هەر هێزێکی سیاسی کوردستانی هەڵوێستی ڕون لەسەر کێشەی کەرکووك وەرنەگرێت ئەوا لە ڕوی سیاسییەوە دۆڕاوە , هەر هەڵوێستێکی هەڵەش ئەوا نەك کەرکوك لە دەستە دات بگرە خەڵتانی خوێنی دەکات .

وتارەکەی بەڕێز شێخ ستار زیاتر لەوەی مێژویی  سیاسی بێت بابەتێکی سەرگوزشتەیی یاداشتییە , نووسینی ئەم شێوە بابەتانە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ خوێندنەوەی پەیوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان لەم شارە لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا بە مەرجێك دوور لە قینی سیاسی و نەتەوەیی نوسرابێتەوە و بێلایەنانە مامەڵە لە گەڵ ڕوداوەکان و لایەنە سیاسییە چالاکەکانی و ئەو کات بکات .

ئامارەکانی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە ئێستاو سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە ئەوە دەرەخات لەم شارەدا کۆمەڵێك نەتەوە پێکەوە ژیاون , هەندێکیان وەك کورد و ئاشور و کلدان و سرییان و جولەکە مێژووی کۆنییان لەم شارە هەیە و بەشێکی کە وەك تورکمان و عەرەب مێژوی ناوەند و نوێیان هەیە . ئەگەر عەرەبەکان لە سەرەتادا ڕەوەند بوون لە ناوچەی کەرکوك لە سی و پەنجاکاندا زۆریان جێگیر بوون , کۆمپانییای نەوتی کەرکوك و لەوەڕی ناوچەکە سەرنجییانی ڕاکێشا بێت بۆ جێگیر بوون لە ناوشاری کەرکوك و پێدەشتە ئاودارەکانی حەویجە, تورکمانەکانیش بە هەمان شێوە چەند سەدە لە پێشتر وەك بەشێك لە سوپاو دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی داگیر کەر لە ئاق و قەرە قۆینلوەوە بۆ عوسمانی و سەفەوییەکان لە کەرکوك و دەورو بەرەکەی جێگیر بوون. دەتوانیین بڵێین تورکمان و عەرەب لە دوو قۆناغی جیاو هەندێك کات هاوکات لە کەرکوك و دەوروبەرەکەی جێگیر بوونە , زەمینەی نیشتەجێبوونی هەردوکییان هاوبەشە تەنها کات لە نێوانییاندا جیایە . کاتێك تورکەکان باڵا دەست بوون بەسەر جیهانی ئیسلامیدا تورکمانەکان لە تەواوی ئەو هێڵانەی ڕێگای بازرگانی و سەربازی بوون نیشتەجێ بوون , لەو سەروبەندەدا بازرگانی و دەسکەوتی غەزواتەکان بڕ بڕە پشتی ئابوری وڵاتانییان دیاری دەکرد. پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی و دروست بوونی دەوڵەتی عێراق قۆناغێکی نوێ لە نیشتەجێ بوونی نەتەوەی سەردەست دەست پێ دەکات ئەویش قۆناغی بە عەرەبکردنە لە بری تورك کردنی ڕابردوو , ئەمجارەیان لەبری تورکماندنی شار و شارۆچکەو رێگە بازرگانییەکان , عەرەباندنی ناوچە کشتوکاڵی و نەوتییەکان دەست پێدەکات . لە نیشتەجێبوون لە ڕێگا بازرگانی و سەربازییەکانەوە بۆ نیشتەجێبوون لە زەوییە بە پیت و ناوچە نەوتاوییەکان , کەواتە زەمینەی نیشتەجێ بوونی عەرەب و تورکمان لە کەرکوکدا یەکە ئەویش کۆنترۆڵ کردن و دەست بەسەراگرتنی ناوچە ستراتیژییە ئابوری و سەربازییەکانە , کە لە سەردەمی بەعسدا گەیشت بە ترۆپك ئەویش گۆڕینی تەواوی پێکهاتەی نەتەوەیی شارەکەیە.

بەڕێز ستار تاهیر شەریف ئەگەر چەند سەدەیەك لەوە پێش بژیایە, لەو کاتەدا نەتەوەیەکی کەی بۆ برایەتییەکەی شاری کەرکووك هەڵدەبژارد نەك تورکمانی جێبەجێکەری نەخشەکانی ئیستیتانی عوسمانی , بە چاوی خۆی دەیبینی چۆن تورکەکان لە ئاسییای ناوەڕاستەوە لە دوری هەزاران کیلۆمەترەوە نەك دەیان و سەدان کم وەك عەرەبەکان دەهێنران لە شوێنە

ستراتیژییەکان کوردستان جێگیرە کران . ئەگەر ئەمڕۆ نەوت و خاك و ئاو هۆکاری چاوتێبڕینی ناسیۆنالیزمی عەرەب بێت بۆ تەعریبکردنی کەرکوك و شارو شارۆچکەو ناوچەکانی کوردستان , ئەوا لەو سەرو بەندەدا بازرگانی و قەڵا و سەربازگاکان و سەربازگیری و جزییەو زەکات و بەدەستخستنی جارییە هۆکاری تەتریك کردن بووە .

پێش **9-4—2004** کێشەی کورد لەسەر ناسنامەی نیشتمانی کەرکوك لە گەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبدا بوو کە بەعس نوێنەرایەتی دەکرد لە عێراقدا. هەرچەندە لە ناو نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد و تورکماندا لە سەر ناسنامەی کەرکوك ململانێی توند هەبوو , بەڵام بە هۆی ئەوەوەی هەردوو گەل ڕاستەوخۆ کەوتبوونە بەر سیاسەتی تەعریب , دروشمی دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە هەندێك گەرمی ململانێی نێوان هەردولای سارد کردبوەوە , ئەوانەی بەو کێشانەوە سەرقاڵ بوون کەمایەتییەکی زۆر کەم بوون لە نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری . ئەگەر کێشمەکێشی دوێنێ لەسەر ناسنامەی کەرکووك تا پێش **9-4-2003** وەك ئاگری بن کا شاراوە بوو , ئەوا دووای **9-4** هەموو ململانێکان ئاشکرا بوون و کەوتنە ڕوو , لایەنی شاراوە لە ململانێکە نەما , جەماوەر تێکەڵ بەگەرم بوونی شەڕی دروشمەکان بوون , کێشەی کەرکووك لە شەڕی بەڵگەنامەیی نوخبەی سەر مێزو ناو نوسینەکانەوە بووە شەڕی جەماوەر لە سەر جادە, ململانێ لەسەر کۆنترۆڵ کردن بوو بە ململانێ لە پێناو بە خاوەند بوون , لە جیاتی ئەوەی گفت و گۆو بەیاننامەکان لە ئەنقەرە و هەولێر و لەندەنەوە دەرچن و ئەنجام درێن , ململانێ کەوتە سەر شەقام . لە دوای **9-4** ەوە تورکمان لە ئۆپۆزسیۆنی ناچالاکەوە بوون بە ئۆپۆزسیۆنی قسەکەری چالاك دژ بە ڕەوتی کوردستانی بوونی کەرکوك , لە کەرکوکیشدا بوونە مەرکەزیترین و ڕێکخراوترین هێز کە بە نەخشەی وردەوە کارە کەن لە پێناو بە کوردستانی نە کردنی کەرکووك , بگرە هاشا لە ڕێژەی بونی کوردیش دەکەن لەم شارەدا , ملوێنان نووسینی وەك ئەمەی شێخ ستار زەڕەیەك لە هەوڵدانییان بۆ گەیشتن بە نەخشەکانییان ساردییان ناکاتەوە , لەوەی لەمپەرێکی بەهێز بن لەبەردەم کوردستانی بوونی کەرکووك . ناسیۆنالستی عەرەب لەم سەروبەندەدا خۆیان تا ڕادەیەك بێدەنگ کردووەو لە دورەوە سەیری کێشمە کێشمەکە دەکەن , ئەوان شەڕی عێراقی بوونی کەرکوکییان بە تورکمانە ناسیۆنالیستەکان سپاردووە کە بەرەی تورکمانی نوێنەرایەتی دەکات . لێرەدا ناسیۆنالیزمی تورکمان و عەرەب

ئامانجییان هاوبەشە لەسەر ئەوەی کەرکوک ببێتە بەشێك لە عێراق , تورکمانەکان لەوە گەیشتوون لە عێراقدا بوعدێکی جوگرافییایی تایبەتییان نییە تا دای بڕن بۆ دروستکردنی نیشتمانێك بۆ خۆیان , دەزانن ئەوەی باسیشی دەکەن لە جوگرافییای تورکمانستان لە تەلەعفەرەوە بۆ هەولێر و مەندەلی ڕاستی تێدا نییە , بۆیە دەبێت لە نێوان کوردستان و عێراقدا یەك هەڵبژێرن , عێراقیی بوون باشترین هەڵبژاردنە بۆیان . بەهۆی پاشکۆیەتیی سونییەکانییان بۆ تورکیا و شیعەکانیش بۆ ئێران , جێبەجێکەری ستراتیژی ئەو دەوڵەتانەن لە عێراق , ڕێگری دروستکردن لەبەر دەم دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان تەنانەت فیدراڵیش لە ئەرکە یەکەمەکانییانە , نەك سەرکەوتنی کورد لە داهاتودا کێشە بۆ ئەو دەوڵەتانە دروست بکات لە وڵاتەکانییان , بەم شێوەیە وڵاتانی ناوچەکە لە ڕێگەی هەندێك هێزی تورکمانییەوە شەڕی داهاتووی خۆیان لە ئێستادا ئەنجامە دەن .

نازانم جیاوازی نێوان عەرەبی ڕەسەن و نا نەڕەسەن , یاخود تورکمانی ڕەسەن و نا ڕەسەن , یان کوردی ڕەسەن و نا ڕەسەن چییە؟؟. ئەوەی ئەمڕۆ نا ڕەسەنە سبەی بە تێپەڕ بوونی کات پاش دروست کردنی مێژوویەك لە سەر ئەو نیشتمانە دەبێتە ڕەسەن , ئەو تورکمانەی ئەمڕۆ ڕەسەنە سەدان ساڵ لە مەوپێش نا ڕەسەن بوو , ئەو عەرەبەی ئەمڕۆ ناڕەسەنە بە تێپەڕ بوونی کات پاش چەند نەوەیەکی کە دەبێتە ڕەسەن , ئەوەی دیوار لە نێوان ڕەسەن و نا ڕەسەن دروست دەکات مێژووی نیشتەجێبوونە لە شارەکە , مێژووش کات دروستی دەکات .

ئەم بۆچوونەی کەرکوك شاری برایەتی کورد و تورکمانە , عەرەبە ڕەسەن و نا ڕەسەنەکان و نەتەوە ڕەسەنەکانی کە لەو برایەتییە تا سەر ئێسك پڕ لە کێشەکێشە بێبەری دەکات چ قازانجێکی کوردی تێدایە ؟؟؟ . ئایا ئەم دروشمە نەتەوەکانی کە نیگەران ناکات لە ئایندەیەك لە شارەکە ئەگەر کورد تیایدا باڵا دەست بێت؟؟؟. هەروەها ئەم دروشمە نابێتە هۆکاری دروستکردنی بەرەیەك دژ بە کورد ؟؟. ئەوە لە ناوەڕۆکی نامرۆڤانەی گەڕێ .

لە هەمان کاتیشدا لای تورکیاو تورکمانەکان ناو بەرەی تورکمانی لە باشترین حاڵدا کورد هەر نینۆکەکەی ئەردۆغانە , کەی بکرێت فڕێ دەدرێتە تەنەکەی زبڵەکەوە .

ئایا بێبەشکردنی نەتەوە دانیشتووەکانی کەی کەرکووك خزمەت بە کێشەی کوردستانی بوونی کەرکوك دەگەیەنێت ؟؟؟. وەك باسمان کرد تورکمانەکان بە هەردووباڵەکەیانەوە

شیعەو سونی , تەوژمی  ئاینی و نەتەوەیی ستراتیژی خۆیان هەیە بۆ کەرکوك بە گوێرەی ئەژندای خۆیان کارە کەن , دوای هەموو دانیشتنە دووقۆلییەکانیان لەگەلّ لایەنە سیاسییەکانی کوردی گەرمترە بن لە دژایەتی  کردنی کوردستانی بوونی کەرکوك .
ئەگەر کەرکوك تەنها شاری برایەتی کورد و تورکمان بێت ئەی نەتەوەکانی کە جێگەیان چییە لەم شارە ؟؟؟. چۆن مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت؟؟؟.  با بزانین بەڕێز  شێخ ستار لەم بارەیەوە چی پێیەو چ بەڵگەیەکی بۆ بێبەری کردنییان لە مافی برابوونی  لە هەگبەکەی هەڵگرتووە ؟. نووسەر دەنووسێت :_
بەهەرحاڵ ئەتوانین بڵێین شاری کەرکوك شارێکی کوردستانییە بەڵام شاری کورد و تورکمانە نەك عەرەب. بەهەرحاڵ ژمارەی کورد بەپێی ئەژماری  " عسبه الامم" دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە شاری کەرکوك **63**٪ و ژمارەی تورکمانیش گەیشتە **19**٪ و ژمارەی عەربیش گەیشتە **18**٪ . ئاو بێنە دەست بشۆ , ئەم ئەژمارانە پێش ئەوەی دەستی چەپەڵی بەعەرەبکردن بگاتە شاری کەرکوك. کەواتە بە تورکمان و عەرەبەوە ڕێژەیان **37**٪ بوو .
نووسەر خۆی وەڵامی ئادرەسی بابەتەکەی خۆی دەداتەوە و ئەو دروشمەی بەرزی کردۆتەوە بۆ کەرکوك لە شاری برایەتی کوردو تورکمان دەپوکێنێتەوە , ئەوەی کەمترین زانیاری لە ماتماتیك هەبێت نەك دکتۆرێکی وەك بەڕێزی دەزانێت جیاوازی نێوان **18**٪ و **19**٪  تەنها **1**٪ ە نەك زیاتر بۆیە ئەگەر **19**٪ برا بێت ئاساییە **18**٪ەکە براش نەبێت بەموو لێوەی دوور نییە , نازانم ئەم ڕێژەیەی بۆ برابوونی کورد و تورکمان لە کوێوە هێناوە ؟؟؟. ئەم ئەنتی عەرەب بوونەی بەڕێزی سەیرە, لەوانەیە بڵێت – ناو شاری کەرکوك عەرەبی کەم تێدا بوو زۆربەیان یان لە لادێکان دەژیان یاخود ڕەوەند بوون , بۆیە ئەوان لەو برایەتییە بیّ بەری دەکرێن , برایەتییەکە لادێنشینەکان ناگرێتەوە . ئەمە کێشەی کوردستانی بوونی کەرکوکیشە لە بەرامبەر بەهانە و بەڵگەی ناسیۆنالیستە  تورکمانەکان , ئەوان ناسنامەی کەرکوك بە دانیشتوانی ناوەندی شار دەخوێننەوە نەك بەمێژوو و جوگرافیا و  پێکهاتەی نەتەوایەتی دانیشتووانی گشت پارێزگا , ئامارەکان دانیشتوانی ناو شاری ساڵی **1957** وەك چەکێك لەبەرامبەر کوردستانی بوونی کەرکووك بەکار دەهێنن . دەیانەوێت چاوی خۆیان لە ئاست ئەوە بنوقێنن لە قۆناغی پێش سەرمایەداریدا شارەکان لە ئاستی جیهانییدا بچوك و

ڕێژەی لادێنشینەکان نەك بۆ کەرکوك بۆ هەموو جیهان زۆر لە سەر بوو , لە ساڵی **1800** لە جیهاندا نەك عێراق و کوردستان ڕێژەی شارنشینی تەنها **3,4**٪ بووە لە ساڵی **1920** بووە بە **19,3**٪ و لە ساڵی **1995** بووە بە **45,2**٪ (جوغرافيا المدن–صبری فارس هیتی – ل**38–39**) .

تورکە داگیر کەرەکان بە درێژایی سەدان ساڵ تورکمانەکانییان لە شارەکان جێگیر کرد بۆ جێبەجێکردنی کارەکانییان , ئابوری ناوچەکەشییان خستە بەردەستیان , پاشتریش لە سەردەمی پاشایەتیدا ئیمتیازاتەکان خۆیان پاراست و پارێزگارییان کرد لە باڵا دەستییان بەسەر بازاڕ و دەزگا دەوڵەتییەکان لەناو شاری کەرکووکدا , بە ئاستێك زمانی تورکمانی بووە زمانی دەوڵەت و بازاڕ , لەو کاتانەدا چینە داراکانی کوردیش لە شێخ و بەگ و بۆرژواکان زمانی تورکمانییان کردە زمانی فەرمی خۆیان . لەقۆناغی سەرمایەدارییدایە بە شارنشینی کردنی دانیشتوان بە کۆچی جوتیاران لە لادێوە بۆ شار دەست پێدەکات , لەو قۆناغەدا جوتیارانی عەرەبی دەوروبەری کەرکوك , بەهەمان شێوەی جوتیارانی کورد , بە دەوڵەمەند و کلاش خوارییانەوە ماف خۆیانە بێنە ناو شارو نیشتەجێ بن تیایدا بە مەرجێك سیاسەتی شۆفینیستانە لە پشت ئەم گۆڕانکارییە دیموگرافییایەوە نەبێت . ناکرێت ئەو **18**٪ییەی عەرەبی کەرکووك ئەگەر **018**٪ یش بێت لە برایەتیان بخات , وەك چۆن بۆمان نییە کریستان و جولەکە لە برایەتیی کەرکوکی بوون بخەین و ماف هاوڵاتی بوونییان لێ بسێنینەوە لە شارەکە لە بەر ئەوەی ژمارەیان کەمە. ئەگەر کەرکوك بڕیار وایە شاری برایەتی بێت , وە کوردیش ئەو برایەتییە دیاری بکات , قازانجمانە نەتەوەکانی کەش لەو برایەتییە بێبەش نەکەین و نەیان کەین بە دوژمن خۆمان , لە ڕوانگەی مرۆڤایەتیشەوە مرۆڤەکانی دانیشتووی هەر شارێك بران و مرۆڤ دۆستەکان دەبێت نەفرەت لە بیری ڕاستیزم بکەن , پێویستە تەواوی دانیشتوانەکەی بکرێن بە برا نەك تەنها دوو گروپ .

نووسەر بەردەوام دەبێت لە سەلماندنی بۆ چونەکەی کە کەرکووك شاری برایەتی کورد و تورکمانە ئەگەر ئەو برایەتییە بە پینەو پەڕۆش دروستکراوبێت _

پێویستە لێرەدا بڵێین شاری کەرکوك, شاری کوردو تورکمان بوو, خۆ کەرکوك وەك پارێزگا " لیوا" لەو سەردەمە لیوایەکی کوردیی بوو, لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی لیواکە کورد بوون, جگە لەوەی پارێزگایەکی کوردستانی بوو .

ئەگەر کەرکوك لیوایەکی کوردییە شاری کورد و تورکمانییەکەی لە پای چی ؟؟؟ . کاتێك شارێك تاپۆ دەکرێت لەسەر نەتەوەیەك ئەوە لە یەکسانی بوون بۆ هەمووان دەکەوێت , دەشێت کەرکووك کوردستانی بێت وەك بەشێك لە نیشتمانی کوردستان , هاوزەمان شارێکی فرە نەتەوەییش بێت , شاری برایەتی دانیشتوانەکەی بێت وەك ئێستا لە گەڕەك و بازارەکانی کەرکوکدا دەیبینین , هاوکات بکەوێتە چوارچێوەی جوگرافیای نیشتمانێکیشەوە کە خۆی داگیرکراوە پێی دەڵێن کوردستان.

به هۆی حەماسییەوە بۆ کەرکوك جار جارە سۆز پەلکێشی ناو دروشمی دەکات و تووشی هەناسە سواری دەبێت و دەکەوێتە ناو هەڵەی زمانەوانییەوە , لێی تێك چووە پارێزگا و لیوا دوو ناون بۆ یەك شوێن لە دوو قۆناغ و سەردەمی سیاسی جیادا. شاریش هەموو کات بە پیناسی نیشتمانییەکەیەوە پێناس دەکرێت نەك زمان و نەتەوەوە .

نووسەر ئەوەندە پەلەیەتی لە تەسکییە کردنی برایەتی کورد و تورکمان ئامارەکان تێکەڵ دەکات و لە شوێن خۆیان دایان نانێت , ئامارەکانی ساڵی 57 لەگەڵ ساڵی 77 تێکەڵ بە یەك ئەکات , ئەمەش نیشانەی وورد نەبوونی نوسەرە لە نووسین و پەلە کردنییەتی لە پینە کردنی بۆچونەکەی , لە گەڵیدا زیاتر لە عەرەب توندی دەکات و دەنووسێت:—

بەڵام دوای ئەنجامدانی سیاسەتی بەعەرەبکردنی شارەکەو لیواکە لەماوەی نیو سەدەدا, سەرەڕای ئەم سیاسەتە چەپەڵەی حکومەتە عەرەبەکانی یەك لەدوای یەکی عیراق, ئەبینین ژمارەی عەرەبەکان لەشاری کەرکوك گەیشتۆتە **27127** کەس و لە گشتی لیوای کەرکوکیش گەیشتۆتە **82493** کەس, ژمارەی کوردیش گەیشتە **40047** کەس لە لیواکەش گەیشتە **147546** کەس, ژمارەی تورکمانیش لەناو شار گەیشتە **45306** کەس و لە لیواکەش گەیشتە **38065** کەس. بەڵام گشتی دانیشتوانی عەرەب لە لیوای کەرکوك بە شاری کەرکوکەوە گەیشتە **109629** کەس و ژمارەی کوردیش گەیشتە **187593** کەس و تورکمانیش **83371** کەس .لەگەڵ ئەمەشدا ئەبینین عەرەبەکان لە **23٪** ی دانیشتوانی شاری کەرکوك بوون لە ساڵی **1977** و کوردیش لە **35٪** و تورکمانیش لە **39٪** بوون. سەرەڕای ئەوەی حکومەتی عیراق ژمارەیەك لە عەشایەرە کوردەکان و مەسیحیەکانی بەعەرەب ناونووس کردبوو, بۆ ئەوەی ڕێژەی عەرەب بەرز بکاتەوە, بەڵام تەنها ئەم بەرزبوونەوەیە لە خشتەکانی ئەژمارەکان دیاری ئەدا نەك لەسەر زەمینەی

واقعیدا, هەرچەندە ئەم ئەژمارانەی سەرەوەش زۆر لە واقعیدا دووربوون و لەڕاستیدا کورد و تورکمان زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری کەرکوك بوون و بگەڕێینەوە بۆ ئەژماری ساڵی **1957** ئەبینین ڕێژەی کورد لەکەرکوك **48**٪ بو عەرەببیش **28,2**٪ و تورکمانیش **21,4**٪ بوون. ئەگەر وردبینەوە ئەبینین زۆرینەی دانیشتوانی شاری کەرکوك ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دێهاتەکانی چواردەوری کەرکوك هەموو کوردنشینن, تورکمانەکان زۆر کەم لە دێهاتەکان دائەنیشن, بۆیە کۆچکردن لە لادێکانەوە بۆ ناو شار هەموو کورد بوون نەك تورکمان.

نووسەر مامەڵە لەگەڵ کەمایەتی و زۆرایەتی وەك هاوپەیمانییەتی سیاسی دەکات نەك وەك هاونیشتمانی هاوڵاتییان , لە سیاسەت ئەمە شیاوە بەڵام لە ماف هاوڵاتی بووندا کەمایەتی و زۆرایەتی نییە . بە گوێرەی ئاماری ساڵی **1957** کە نووسەر هێناوییەتییەوە بە نموونە عەرەب **28,2**٪ ەو تورکمان **21,4**٪ , نازانم چۆن**21**٪ کە تورکمانە دەبێتە برا و**28**٪کە عەرەبە لەو برایەتییە بێبەری دەبێت ؟؟؟ . ئەم ماستە نەك موو بگرە گوریسیشی تێدایە , هێنانەوەی ئەم ئامارە بە نموونە لەم ووتارە لە قازانج نووسەر نییە بۆ پاڵپشتی کردنی بۆچون و تێزەکەی , هەرچەندە کورد **48,3**٪ یە نەك **48**٪ لەو ئامارەدا وەك بەڕێزی نووسیوییەتی .

پێش ئەوەی خوێنەر سەرنجی وورد بدات و هەست بە توند بوونی هەڵوێست بکات بەرامبەر بە عەرەب کە نووسەر بۆ خۆی لە ڕابردوودا یەکێك بوو لە هەوادارانی باڵی نەتەوەییە فاشستییەکەی , پرسیار دەخاتە بەر دەممان کاتێك دەنووسێت _

لەوانەیە هەندی لە خوێنەرانی بەڕێز لە وەڵامدا بڵێن خۆ ئەوەی بەسەر کوردو تورکمان هات لەسەر دەستی عەرەبەکان نەبوو, بەڵکو لەسەر دەستی ڕژێمەکانی عیراق بوو, ئەی باشە ئەگەر وایە , چی بڵێین بە بەشداربوونی عەشیرەتە عەرەبەکانی عوبید و جبور بەدوەکانی شەممەری دەورو بەری کەرکوك کە لەگەڵ سەربازەکان پەلاماری دێهاتە کانی شوان, توزخورماتو و کەلار و قادر کەرەم و جەباری و زەنگەنەیان ئەدا تا ئەگەیی بە سەنگاو و ئاغجەلەر قەرەداغ مەروماڵات و ناو ماڵیان هەبوو تاڵانیان ئەکرد و کورد هەمیشە درووشمەکانی ئەم تاڵانکەرانەیان لەیاد ناچی کە لەکاتی هێرش و پەلاماردانەکانیان ئەیانووت" ئیحنا البدو وین العدو " .بەتایبەتی لە ساڵی **1963** پاشانیش لە هەڵمەتەکانی

ئەنفال زیاتر لە 183 هەزار کەسی کوردیان ئەنفالکرد و بی سەرو شوێن مانەوە و هەموو لە بیابانەکانی خوارووی عیراق زیندە چاڵکران و هەندێکیانیش لە ئەتراقی کەرکوك بەم دواییە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئێسك و پرووکەکانیان دۆزرایەوە. هەڵمەتەکانی ئەنفال وەك لەکەیەکی ڕەش بە ناوچەوانی بەعسیە فاشیەکانەوە دەمینی ناوچەوانی هەموو ئەو کەس و ئەترافانەی لەگەڵیاندا بەشداربوون هەتا هەتایە و گەلی کورد کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجەی هەمیشە لەبیرناچێتەوە و دوای هەزارەها ساڵیش لەکۆی هۆشی گەلی کورد عەمبار ئەکری , بەڵکو زیاتر لە ملیۆنەها ساڵ بە پێی بۆچوونی دەروونناس یونگ لە نەستی گەل ئەپارێزرێن.

منیش هەمان پرسیار دەکەم , دەتوانم بەڵگەش بهێنمەوە کە ئەوەی بەسەرمان هات ڕژێمی بەعس ئەنجامی دا بکەرەکانی تەنها عەرەب نەبوون , سەدان هەزار کورد بەشدار بوون لە پێکهێنانی دەزگا سەرکوتەرەکانی لە جاشی چەکدارەوە بۆ جاشی قەڵەم , لە جاشی شەعبییەوە بۆ تەهاکان , لە وەزیرەوە بۆ موستەشارەکان , ئەوانەی ئەنفالییان ئەنجام دا , ژن و منالیان گرت و دایانە دەستەوە زۆربەیان جامانە لەسەر بوون , ئەوانەی تالانییان کرد شەرواڵ و مراتخانی لە بەر بوون . ئەگەر بەرێزت ناوی چەند خێڵ و عەشیرەتی عەرەب دەنوسیت ئێمەش کە لەو کاتەدا قوربانی تاوانی ئەنفال بوین دەتوانیین ناوی سەدان سەرەك خێڵی جاش و ئامر مەفرەزەی موخابەرات بنوسین کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا کۆڵوانە سوری بەعس بوون و بەشدارییان کرد لە ئەنفالکردنی 182000 کورد , لە ئەنفالەکاندا ژمارەی جاشە بەشداربووەکان گەلێك زۆرتر بوو لە ژمارەی سەربازە عەرەبەکان , ژمارەی بەرازیلییە سورەکان گەلێك زیاتر بوو لە ژمارەی ئیڤاکان .

نووسەر خزمەتێکی گەورە بە کورد دەکات کاتێك ژمارەی ئەنفالەکان لە 182000 ەوە دەکاتە 183000 , ئەمەیان ئەگەر لە زەین کوێری ماتماتیکیشەوە بێت جێگەی سوپاسە ! ! !. هەرچەندە لە تەواوی نوسینەکەی نووسەردا هەست بە لاوازی بەرێزی لە بواری ماتماتیکدا دەکرێت , لاوازییەکی وا نەك مامۆستایەکی زانکۆ بگرە قوتابیەکی ئاسایی قۆناغی سەرەتاییش نایکات .

نووسەر ناتوانێت تا سەر وەك مێژوو نوسيك مامەڵە بكات و بێلايەنی خۆی لە لايەنداری لە تەوژمە سياسييەكان بپارێزێت تا مسباقييەتی نووسينەكەی بمێنێت , كاتێك دەنووسێت :-

...... ئاماژەم بۆ ئەم ڕووداوە كرد بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز بزانی كە هەڵوێستی سەرۆک شارەوانیێکی تورکمان لەو بارودۆخە ی کەرکوک زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ بارودۆخێکی کوردێکی کۆنە شیوعی ڕۆبیتان جاف کە بەتەواوی تەعلیماتی پارێزگارە بەعسیەکەی جێبەجی ئەکرد, وەک باسمانیش کرد بووبوە نۆکەری . خزمەتی وەلیدی ئەکرد نەک خزمەتی شارەکەی .

دوای لابردنی نازم ئالجی بۆ ماوەییێکی کورت کردیان بە سەرۆک شارەوانی تکریت, بەڵام نازم هاتە لام و تکای لێمکرد کە وابکەم خانەنشینی بکەم لەبەر ئەوەی ناتوانی لە شاری تکریت کاربکا . ئەوەبوو وامکرد خانەنشین بکری . بەڕاستی هەڵویستەکانی نازم ئالجی تورکمان بە پشتیوانی وەزیرێکی کورد نموونەی راستەقینەی برایەتی کوردو تورکمان بوو کە ئێستا زۆر پێویستیمان بەم جۆرە نموونانە هەیە دوای پرۆسەی ئازادی کەرکوک.

نوسەر لە ڕێگەی ئەم پەرەگرافەوە دەیەوێت خۆی وەک وەزیرێکی دڵسۆز بناسێنێت بۆ کورد وکۆنە شوعییەکی بەعسی ڕوخاویش بکات بە نموونەی مرۆڤی خراپ , دیارە نە بەڕێزی لەو کاتەدا لەسەر هیچکام لە باڵەکانی پارتی( جەلالی و مەلایی) وە نە ڕۆبیتانیش لەسەر شیوعی مەحسوبن , ئێستای ئینتیمای مرۆڤەکان بۆ ئەندامانی پارتەکان مەحسوبە نەک ڕابردووییان , هەموو هێزەکان نموونەی کۆنە ئەندامی ڕۆبیتان ئاسایان هەیە بونەتە گەورەترین خۆفرۆش , ئەگەر ڕۆبیتان ناوێک نموونەی کۆنە شیوعییەکە ئەوا ئەو حیزبە خاوەند سەدان داستانی وەک گاورباخییەو ئێستاش نزیکترین دۆستی گەلەکەمانە و هەزاران تێکۆشەری کردە قوربانی .
پاشان دەنووسێت:-

د.نوری تاڵەبانی بە شێوەیەکی فراوان ئاماژەی بۆ ڕۆڵی دوو قائد فیرقەی سوپای عێراق کردووە لە کەرکووک , زەعیم ڕوکن نازم تەبەقچلی و زەعیم ڕوکن داود الجنابی و یەکەمییان ئەفسەرێکی قەومی بوو دووەمیشییانیش ئەفسەرێکی شیوعی بوو , هەردووکییان جێ پەنجەیان دیاربوو لەسەر ڕوداوەکە, نازم تەبەقچلی پاڵپشتی تورکمانەکانی ئەگرت لە شارەکەو پاشانیش داود جەنابی پاڵپشتی شیوعیەکانی ئەگرت .لە ڕاستیدا هەردووکییان

پاڵپشتی کوردییان نه ئەگرت, هەروەها پاڵپشتی پارتی دیموکراتی کوردستانییان نه ئەگرت که لایەنێک بوو له بەرەی نیشتمانی له کەرکوک.

نووسەر لەم بەشەدا به شاراوەیی ڕەخنه له بۆچونەکانی د.نوری تاڵەبانی دەگرێت که له ل 50 پەرتوکەکەی(**منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومي**) داود جەنابی به دۆستی کورد ناو دەبات و سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی ئەو له شارەکەدا به سەردەمی زێڕین ناو زەد دەکات بۆ کورد له کەرکوک . تەنانەت باس لەوەش دەکات لایەنگرانی پارتیش له لادانی داود جەنابی له سەرکردایەتی فرقەی دوو ناڕازی بوون . دانانی تەبەقچلی و جەنابی لەیەک تای تەرازوودا بۆ کورد بێویژدانییەکی سیاسییه بەرامبەر مێژوو , مێژوویەک تەنها **4** دەیه لێمانەوه دووره نەک **4** هەزاره , دەیان هەزار کەرکوکی زیندوو , شایەدحاڵی ئەوکاتەن دەتوانن شایەدی به ویژدانەوه بدەن لەسەر ئەم دوو کەسایەتییه , تەبەقچلییەک به هاتنی بۆ کەرکووک یەکەم کاری له کار خستنی سەرۆکی شارەوانی کەرکوک که کورد بوو دانانی یەکی کەی تورکمان له جێگەی ئەو .

بەڕێزی له بەشی کۆتاییدا بابەتەکەیدا که له ژماره **26** ی ئاسۆی بەرواری **5-10-2004** بلاوکراوەتەوه بابەتییانه دەچێته ناو هۆکاری شەڕەکانی ساڵی **1959** ی کەرکووکەوه , پاشان به کورتییەکەی دەنووسێت کەم ئەزموونی و بلاوکردنەوەی دژایەتی له لایەن پارتەکانەوه بوونه هۆی ڕوداوەکەی کەرکووک . منیش دەپرسم ئایا ئێستاش هەمان کەم ئەزمونی و بلاوکردنەوەی دژایەتی بەچاوی خۆمان نابینین له کەرکوکدا ؟؟؟؟ . ئایا ئەم جۆره نوسینانەش ناچنه پای ئەم کەم ئەزمونییەوه ؟؟؟؟ .

له کۆتاییدا دەتوانیین بڵێین ئەم نووسینەی ڕێزدار ستار تاهیر شەریف زانیياری زۆری لەسەر بارودۆخی ئەو کاتی کەرکوک تێدایەو دەوڵەمەنده دەشێت کەڵکی لێوەربگرترێت بەلام نەیتوانیوه بێلایەنانه هەڵوێست وەرگرێت به نەفەسێکی ئەنتی عەرەبی و ئەنتی کۆمۆنیستیانه نووسراوه, مێژوو نووسی ڕاستگۆ بێلایەنانه مامەڵه لەگەڵ ئامار و هەڵوێست و لایەنه سیاسییەکان دەکات , تاکه لایەنداری ئەو بۆ ڕاستییه نەک بۆچونێکی سیاسی یان نەتەوەیەکی دیاریکراو ئەگەر نەتەوەی خۆی و بۆچونی سیاسی خۆشی بێت .